# ئەی پرۆژەی کورد چییە!؟

**ئاسۆ عەبدوللەتیف**

**کەس نازانێ لەو عیراقەی ئێمەدا کێ خاوەن بریاری سیاسییەو کێ حاکمەو کێش مەحکوم؟ هەرکەس بۆ خۆی داوای داهات و بودجەو نەوت ئەکات، بێئەوەی ئەو پارەیە بچوکترین پشکی بدرێتە خەڵکی رەش و رووت، یەکێتی و پارتی وەك دوو هێزی سیاسی کوردستان تا ئێستاش لە بەغدا بەدەست نەبوونی گوتارێکی سیاسیەوە گرفتارن، ئەوەی کۆیان ئەکاتەوە داواکارییەکی ئیکۆنۆمیی(economy) و داهاتە نەك سیاسی و فەرهەنگی، بێ ئەوەی کە پێشمان بڵێن ئەمە بودجەی ساڵانەی هەرێمە!! ئەشیانەوێت دڵمان بەو یەك دوو مارکێتە حیزبی و جسرە گەڕانە خۆش بێت کە لە سلێمانی و هەولێر ئەکرێنەوەو مینۆمێنتی هەڵەبجەش با هەر بە سوتاوی بمێنێتەوەو هەر چاوەروانی بەڵێنەکانی سەرۆك بێت! کاتێ ئەمریکا لە رێگای بیکەر هاملتۆنەوە پرۆژەیەکی وا ئاراستە ئەکا ئەی پرۆژەی کورد چییە؟ هەر گریان ونارەزایی و ئیمزاکۆکردنەوەی بێتام؟ئەی لەو پارانەی خەزن کراوە چەندی چۆتە ناو پرۆژەیەکی ستراتیجی نەتەوەییەوە نەك پاراستن و زانیاری حیزبی؟ مەگەر ئێمە بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی چەند تەن ئیمزامان کۆکردەوەو ناردمانە دەرەوەو هیچیشی سەوز نەکرد جگە لە نائومێدی؟ یەکێتی و پارتی ئەیانەوێت بەدەم ئێرانەوە پێبکەنن و مێوژی ئەمریکاش بخۆن و ئیدی وا سیاسەت ئەکەن؟! پرۆژەکەی هاملتن دەربری قورسایی ستراتیجیەتی ئەمریکیەو زادەی عەقڵە ئەزموندارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایەو بۆ کوردیش راستگۆترین پەیامی بێموجامەلەی ئەمریکایە، ئەگەر کوردیش کوردەو خاوەن دەسەڵاتە فەرموون ئەمریکیەکان دەرکەن و موقاتەعەیان بکەن و میوانداریان مەکەن لە سەری رەش و قەلاچوالان؟ نەك لەسەر تەلەفزیۆن نارازی و بەتەلەفۆنیش قازی وپێکەنین؟! رەنگە پرۆژەکەی هاملتن راقیترین پرۆژەی ئەمریکی بێت بە شێوە زانستیەکەی بۆ راگرتنی باڵانس و راگرتنی خوێن و سوکایەتی بە عیراقیەکان و حەسمی زۆر غرورو لوتبەرزی سیاسی بکا و گەندەڵی دەسەڵاتە سونی و شیعی و کوردیەکانیش راگرێ و گەلێ پرسیار بوروژێنێت و زۆر مەلەڤ چارەنوسسازیش کەشف بکات و دەستێوەردانەکانی ئێران و سوریاش راگرێ، جاران شەری کورد لەگەڵ دەسەڵاتێکدا بوو کە بەغەدر خۆی قایم کردبوو ئێستا شەڕ شەڕی ئیمتیازو زیادکردنی بودجەیە،هەموومان سەدامامان ئەناسی و بەعسیشمان تاقیکردەوە کە چ گەمەیەکیان بە رۆحمانەوە کرد، تا ئێستاش وەکو پێویست دەسەڵاتێك دروست نەبووە کە ئەو خەون و سێبەرانەی بەعس لە باربەرێت بە دەسەڵاتی کوردیشەوە لە بەغدا (زەورا وەك نمونە) دەسەڵاتی کورد لەناو دڵی بەغادا ماناگەلێکی هەیە کە سادەترینیان فەرامۆشکردنی کیانی سیاسی کوردییە و بیکەر – هاملتۆنیش بە (رسالە غیر مباشر) ئەڵێ کورد کە دەسەڵاتن لە بەغا ئەی هەرێم و ئاڵاو بودجەی کوردیی یانی چی؟ کورد تا ئێستا هیچ پرۆژەو قەرارێکی سیاسی عیراقی حەسم نەکردووە (58 و 140 نمونەیە) نیوسەدەی رابردوو دەهۆڵمان بۆ ناشەرعیبوونی عیراق لێئەدا کەچی ئێستا کوردەکان خۆیان دروستی ئەکەنەوە، ئێمە خۆمان کەرکوك و مادەی 58 ی پێشووی ئیبراهیم جەعفەری و 140ی مالیکیمان پەراوێزکردووەو بگرە خۆشمان نامانەوێت سەربەخۆبین و ئەمریکاش ئەوە 3 ساڵە دەسەڵاتی تەواوی پێداوین بۆ مومارەسەکردنی ئەو مافەو نایکەن و بیرمان تەنها لای بەغاو بودجەو ناوچەی سەوزە، ئیدی بیکەر – هاملتن تاوانی چییە؟ تاوان ئەوەیە کورد تا ئێستاش پرۆژەی نییەو دەیەوێت بە چەکی ئیمزاو عاتیفەی ساردوسڕی خەڵکەوە دەسەڵاتی خۆی قایم بکات.**